حکومەتی هەرێم جەخت لە کارکردن و گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ دەکاتەوە لەپێناو دابینکردنی موچە

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان جەخت لە کارکردن و گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ دەکاتەوە، لەپێناو دابینکردنی موچە و شایستەی داراییەکانی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان و راشیدەگەیەنێت، پێویستە وەزارەتی دارایی فیدراڵ، موچەی هەرێمی کوردستان خەرج بکات و وەک مافێکی شایستە بە موچەخۆران بە دوری بگرێت لە هەر ناکۆکیەکانی نێوان هەردولا.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی فەرمانگەی میدیا و زانیاری، ئەمڕۆ چوارشەممە بە سەرپەرشتی مەسرور بارزانی سەرۆک وەزیران و ئامادەبونی قوباد تاهیر بانی جێگری سەرۆک وەزیران، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبوەوە.
لە دەستپێکی کۆبونەوەکەدا، سەرۆک وەزیران، بە ناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئاماژەی بەوەدا، هەرێمی کوردستان، پێشوازی لە دەسپێشخەری سەرۆک دنالد ترەمپ سەرکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەکات تایبەت بە ڕاگەیاندنی ئاگربەست و وەستانی شەڕ و پشتیوانی هەوڵەکانی سەرکی ئەمەریکا دەکات لەپێناو چەسپاندنی ئاشتی و سەقامگیریی لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست.

لە بگەی یەکەمی کۆبونەوەدا، ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و ئابوری، لە لە پەرتکدا، هەڵسەنگاندنکی بۆ بارودۆخی دارایی ئێستای هەرێمی کوردستان خستەڕو، بە تایبەتی دوای ئەوەی بە بڕیارکی نادەستوری و نایاسایی و بە شێوەیەکی ناڕەوا ، وەزیری دارایی فیدراڵ ، موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستانی بڕی.

وەزیری دارایی و ئابوری لە لە پەرتەکەدا، بە وردیی و بە زانیاری و ژمارە خشتەی داهات و خەرجییەکانی هەرێمی کوردستانی بۆ ساڵی دارایی 2025 لە 2025/1/1 تاوەکو 2025/6/20 خستەڕو، لە خشتەی داهاتەکاندا، سەرچاوەی داهاتەکانی هەرێمی کوردستانی ڕونکردەوە و لە بەشکی دیکەی لە پەرتەکەی وەزیری دارایی و ئابوری، داتا و ژمارەکانی خشتەی خەرجی مانگانەی موچە و بەرکاربردن و پێژەکانی وەبەرهێنانی خستەڕو و ئاماژە بەوەکرد، "مانگانە سەرجەم ئەم داتا و ژمارانە، لە چوارچێوەی تەرازوی پێداچونەوە، ئاراستەی وەزارەتی دارایی فیدڵ کراون و لە لایەن تیمی هاوبەشی دیوانی چاودێری دارایی فیدڵ و هەرێم، بە شێوەیەکی وەرزی، پێداچونەوە و وردبینیان بۆ کراوە"، لە کۆتایی لە پەرتەکەش، چەند پێشنیارك خرانەڕو بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکانی بەکاربردنی وەزارەتەکان، بە ئاراستەی ئەوەی کاری لە پێشینە بۆ دابینکردنی شایستەکانی موچەخۆران بێت کە پێشەنگی بایەخی حکومەتی هەرێمە.

هەر لەکۆبونەوەکەدا، سەرك وەزیران بە ناوی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، پێزانینی بۆ خۆڕاگری و پشودرێژی موچەخۆران و خەڵکی هەرێمی کوردستانی دەربڕی، کە بە هیی نەناردنی شایستە دارایەکانیان لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە، لە دۆخکی دارایی سەختدان و ئەنجومەنی وەزیران تێگەیشتنی تەواوی بۆ بارودۆخی ناهەمواری هاوڵاتیان هەیە کە بەهیی ئەم ڕێکارە ناڕەوایانەوە.

مەسرور بارزانی دڵنیایدا، "هەمو هەوڵك دەدەن مافەکانیان نەفەوتێت و لە گفتوگۆکانیش لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بەردەوامن بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی نزیکدا، بگەنە چارەسەرك بۆ کێشەی موچە کە بە ڕێکارکی نادەستوری، وەزارەتی دارایی فیدڵ بڕیاری ڵاگرتنی موچەی موچەخۆرانی هەرێمی کوردستانی دا کە دژ بە بڕیاری دادگای باڵای فیدڵیشە، سەرك وەزیران ڕونیکردەوە، "بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە ، بڕیارە شاندکی حکومەتی فیدڵ لەم ڕۆژانە سەردانی هەولێر بکات".

لە دوای گفتوگۆ و ڵاگرتنەوە، ئەنجومەنی وەزیران جەختی کردەوە لەسەر کارکردنی بەردەوام لەناوی دابینکردنی موچە و شایستەتە دارایەکانی موچەخۆرانی هەرێم، بۆ ئەم مەبەستەش، ئەنجومەنی وەزیران هەردو وەزارەتی دارایی و ئابوری و سامانەسروشتییەکانی

هاسپارد که بەردەوام بن لە گفتوگۆکانیان لەگەڵ هاوتاکانیان لە حکومەتی فیدراڵ بە ئاماستەی گەیشتن بە لەیەکترگەیشتنی هاوبەش لەسەر ئەم بابەتە.

لەڕاگەیەندراوەکەدا ئەوەشخراوەتەو، "ئەنجومەنی وەزیران هەڵوێستی خۆی دوپات دەکاتەوە کە هەرێمی کوردستان پابەندییەکانی خۆی بەجێگەیاندوە و پێویستە وەزارەتی دارایی فیدراڵ، موچەی هەرێمی کوردستان خەرج بکات و وەک مافێکی شایستە بە موچەخۆران بە دوری بگرێت لە هەر ناکۆکیەکانی نێوان هەردولا"، هەروەها ئەنجومەنی وەزیران پێشوازی لە دەستپێشخەری سەردانی شاندی حکومەتی فیدراڵ دەکات بۆ هەوڵدر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

سەبارەت بە ڕاپرتەکەی وەزیری دارایی وئابوریش، ئەنجومەنی وەزیران جەختیکردەوە لەسەر گرنگی پێداچونەوە بە داهات وخەرجییەکان بە شێوەیەکی گشتی و ڕێکخستنەوەیان بەجۆرێك، کە دابینکردنی موچەی موچەخۆران، کاری لەپێشینەی سیاسەتی دارایی گشتیە لە هەرێم. هەروەها جەخت لە گرنگیی ڕێکخستنەوەی خەرجی بەکاربردن و نەسریەی وەزارەت و دامودەزگاکان و پێداچونەوە بە بوارەکانی ئەم خەرجییانە کرا، بۆ ئەم مەبەستەش، لیژنەیەك ڕاسپێردرا کە بە هامەهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، پێداچونەوانە بە داهات و خەرجی بەکاربردنی وەزارەت و دامودەزگاکان بکەن.